وەزارەتی دارایی هاوونکردنەوەیەک بۆ ئەو گشتی بەاودەکاتەوە



وەزارەتی دارایی و ئابووری حکومەتی هەرێمی کوردستان، بە نووسراوی ژمارە (٢١٤٧/٤/٧) لەبەرواری (٢٠٢٤/٣/٥) داوای لە وەزارەتی دارایی حکومەتی فیدڕاڵ کردبوو بۆ تەمویلکردنی تەواوی مووچەی مووچەخۆرانی هەرێمی کوردستان بۆ بۆ جیاوازیی بۆ مانگی شوباتی ساڵی ٢٠٢٤ بۆ بڕی (٩٤٩،٨١٣،١٤٦،١٧٠) دینار.

بەڵام وەزارەتی دارایی حکومەتی فیدڕاڵ تەنها بڕی ٥٦٠ ملیار و ٢١٧ ملیۆن دیناری تەمویل کردووە کە دەکاتە ٥٩٪ تەنها (٥٩٪) لە گشتی مووچەی هەرێم و بە بڕیی (٤١٪) ی مووچەخۆرانی هەرێم لە شایستەی مووچەکانیان، و تا ئێستا ئەو بڕە پارەیش کە بۆیاری تەمویلکردنی دراوە نگەیشتۆتە دەستی وەزارەتی دارایی و ئابووری هەرێم.

ئەم هەنگاوی وەزارەتی دارایی حکومەتی فیدڕاڵی وایکردووە کە کورتهێنان لە پێدانی مووچەی هەرێم بۆ مانگی شوبات بۆ نزیکەی (٣٩٠) ملیار دینار دروست بێت وگرفتی گەورەی دارایی دروستدەکات ودەبێتە هۆی بۆ بڕەکردنی بڕەکی زۆری مووچەخۆران ودروستکردنی فرق وجیاوازی لە نێوان مووچەخۆران.

جگە لە کەمی ئەو بڕە پارەیەی کە نەردراوە بۆ مانگی شوبات، بەپێی ئەو نوسراوانەی کە وەزارەتی دارایی حکومەتی فیدرال دەریچواندوون، بۆ مووچەی مانگی ئاداری ٢٠٢٤ ، هیچ تەمویلکی حکومەتی هەرێم ناکرێت ئێگەر مووچەی هەرێم (توطین) نەکرێت، ئەمەش لە کاتکدایە کە هەرێمی کوردستان لە چوارچێوەی پێژەی هەژماری من لە مژێ دەستی کردووە بۆ پرسەی توطین لەژێر سەرپەرشتی بانکی ناوەندی عێراق و گفتوگۆکان لەم بارەیەوە بەردەوامن، و نابێت هیچ لەم ڕێکارانەی وەزارەتی دارایی حکومەتی فیدڕاڵ ببنە مایەی بەبەشکردنی مووچەخۆرانی هەرێم لە لەمووچەکانیان کە شایستەی دارایی خیانەت و دەبێت هاوشێوەی مووچەخۆرانی عێراق لە ناوچەکانی دیکەی عێراق مامەڵە بکرێن.

لەبەر وەکو وەزارەتی دارایی وئابووری جەختدەکەینەوە لە نووسراوی سەرەوەمان بۆ خەرج کردنی تەواوی مووجەی هەرێم، ونابێت مووچەخۆرانی هەرێمی کوردستان بەبەش بکرێن لە ماف و شایستەی دارایی خیان و داوا دەکەین وەزارەتی دارایی حکومەتی عێراق بەمەرجی تەعجیزی ئەو مافە لە هەرێمی کوردستان زەووت نەکات و بۆ مووچەی مانگی ئازار هیچ کێتو بەندەک بۆ تەمویلکردنی مووچەخۆران دانەنێژن چونکە ئەمە مافی دەستوری و یاسایی مووچەخۆرانی هەرێمە ونابێت تێکچێی هیچ ناکۆکیەکی نێوان هەردوو حکومەت بکرێن.

وەزارەتی دارایی و ئابوری هەرێمی کوردستان. ٢٠٢٤/٣/١٢.